# تەنها بوونت هەبێت
# خوێندنەوەیەک بۆ ئولیسی جیمز جۆیس

لە سوێدییەوە: ڕۆژدین راد
بەشی دووهەم و کۆتایی

--

Olof Lagercrantz

ئولیسی جۆیس بەداوی بە ڕواڵەت قایمەوە بە زەمان و شوێنەوە گرێ دراوە. ئێمە خۆمان لە دووبلین پێتەختی ئیرلەند دەبینینەوە. کات ١٦ی ژوئونی ساڵی ١٩٠٤ە. کۆمەڵێک لە خەڵک کەلەو شارەدا کار و ژیانیان دەکرد لە ڕۆمانەکەدا بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە دەردەکەون.خانوویژمارە حەوتی شەقامی ئالکێز، شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی بلووم، باڕی ئورمۆند،بیرەسازیی"گینس" کە لەو سەردەمەشدا ناوبانگی جیهانیی هەیە، ئاپارتمانی ناوەندی نیشانەکراو بە تابلۆی ئیدارەی پۆست لە شەقامی"ئوکانێل"، ڕۆخی "سانیمۆنت"، گۆڕستانی "گلاسنویل" و ئەو پایە گەورەیەی بەردی لە شەقامی "کۆنلی" لەگەڵ پەیکەری دەریاوان "نلسۆن" - کە ناسیولیستەکانی ئیرلەندی لە ساڵی ١٩٦٦دا تەقاندیانەوە - لە ڕاستیدا بوونیان هەبووە و لە کتێبەکەشدا هەن. خەڵکی شار لەو ڕۆژەدا، لە مانگی ژوئێندا بە هەمان باس و گفتووگۆوە سەرقاڵن کە لە ڕۆمانەکەدا هەیە. ڕۆژنامەکانی ستوکۆڵهم و پاریس بە وێنەی ڕۆژنامەکانی دووبلین، هەواڵی هەمان کارەساتیان بڵاو دەکردەوە کە لە نیویۆرک ڕووی دابوو. ڕووداوی ئاگرگرتنی گەمیی ژنراڵ "ئسلوکام" لەسەر دەریاچەی هادسن، کە لەو کارەساتەدا سەدان منداڵ کە لەلایەن قوتابخانەوە بۆ گەشت چووبوون بەهیلاک چوون. لە ئاسکۆت پێشبڕکێی ئەسپسواری کووپەی زێڕین بوو کە شیرۆڤەی تەواوی ئەو پێشبڕکێیەش لە هەمان ڕۆژدا لە گۆڤاری "ئیونینگ تەلگەراف" دا بڵاو ببووەوە ـوە "سەرۆ ئوییی"ی بێناوبانگ بیست بە یەک بردبوویەوە. بردنەوەیەک کە بوو بە هۆی تووڕەییی گەلێک کەس لە دووبلین، لەناو ئەو خەڵکەشدا دڵدارەکەی

مالی بلووم لە ڕۆمانەکەدا کە پارەی خۆی و مالی لەسەر بردنەوەی "سپێتر" گرەو دانابوو. سپێتر لێرەدا بە مانای دەسەڵات دێت - ئەوەش لەو کایە سەرداپۆشراوانەیە کە جۆیس حەزیان لێ دەکات. لە هێلسینکی، "ئوژن شوومان" کاتژمێر یازدە بە کاتی ڕووسییە تەقەی لە "بۆریکۆڤ" فەرمانداری گشتی کرد و بەو کارەش، ئەوەی کە "سترنبەری" چوونی ئێمەی بۆ ناو سەدەی "هێرەشەکان و جێژنەکانی بە هاتووهووت" ناوزەد کرد، مۆری ئەرێنیی لێ دا. کاتێک کە هێشتا تیرۆری تاک بۆ دژایەتی لەگەڵ زاڵمان نەببوو بە کردەوەیەکی گشتی. ئەو هێرشە هەم لە ڕاستیدا هەمیش لەناو ڕۆمانەکەدا دەناسرایەوە. لە ڕۆژنامەی ئیونینگ تەلگەرافدا کاتژمێر دوازدە بە کاتی ئیرلەند، "جیی. جیی. ئوماڵ"ی پارێزەر دەگاتە ستیفن ددالۆس و بە بینینی قژی درێژ و ملوانەی[1] نارێک و کڵاوی حەسیریی ڕێگرەکان بە خۆی دەڵێت، ئەوە هاوشێوەی ئەو پیاوانەیە کە کاران، وە بە بزەیەکی گەپچاڕانەوە لێی دەپرسێت: "ئێوە بوون تەقەتان لە فەرمانداری گشتیی فینلاند کرد؟"

لئو پوولد و مالی بلووم بە دڵنیاییەوە کەسایەتیی چیرۆکین. ستیفن ددالۆسیش وێڕای ڕیشەکانی ژیاننامەیی بە هەمان شێوە کەسایەتی چیرۆکیە، بەڵام هەر شتێک کە بۆ ئەوان ڕوو دەدات دەشێت بۆ کەسانی تریش لە شاری دووبلین ڕوو بدات. جێگری پاشای ئیرلەند، نوێنەری نەفرەتلێکراوی ئیمپراتۆریی ئینگلیز، هەر لەو ڕۆژەدا نەبوو کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە خەڵک بە شەقامەکانی دووبلیندا ڕۆیشت هەتا بازاڕچەیەکی خێرخوازنە بکاتەوە..؟ بەو شێوەیە کە لە ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدات، بەڵام دەکرا کە ئەو کاری لە ڕاستیدا کرد بێت. هەر لەو ڕۆژەدا لە دەرەوەی دووکانی "گراهام لمونز" بەیاننامەیەک باس لە هاتنی "ئەلکساندر دووی" گوتاربێژی فێڵباز کە خۆی بە پیاوی خوا دەزانی دەکات. ئەو بەیاننامە ناگاتە دەستی هیچ کەس لەبەر ئەوەی ئەو کەسایەتییە مێژووییە لەو کاتەدا لە لەندەن دەژیا، بەڵام دەرفەتی ئەوە هەبوو کە کەسێک بە وێنەی بلووم وەها بەیاننامەیەکی نیزیک بە هەمان کاتی پێ گەیشتبێ. وە ئەگەر ئەو کەسە بە قەدەر بلووم دڕدۆنگ دەبوو، گریمانە هەیە کە ئەویش بە وێنەی ئەم، بەیاننامەکەی مچۆڵە دەکرد و هەڵی دەدایە ڕووباری لیف و پەیامەکەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد.

*

داڕشتنێکی وەها لە کاری هونەریدا دەگونجێت. لە چوارچێوەی ڕیالیزمدا ئاساییە. جۆیس سەردەمێک بە فرانک بادگەنی گوتبوو کە لە ئولیسدا ویستوویەتی دووبلین وەها بئافرێنێتەوە کە ئەگەر ئەو شارە بە هۆیەک لەناو چوو بتوانرێت لەسەر بنەمای زانیارییەکانی کتێبەکە سازی بکەنەوە. کاتێک ئەو، دەهەمین بەشی ڕۆمانەکەی دەنووسی، بەشێک کە وێدەچێت بەرلە هەر شتێک وێنەیەک لە دووبلین بە دەستەوە بدات- لەبەر ئەوەی لە چەند بەشی کورت پێک دێن کە بریتین لە شوێنەکانی گشتی و شەقامەکان- بە وتەی بادگەن، کرداری جۆیس لێرەدا لە کرداری سوکاندارێک دەچێت کە لەسەر دەریا ڕێرەوی خۆی نیشان دەدات. ئەو، کاتی نووسینی ئەو بەشە، چەماوەتەوە بەسەر نەخشەیی دووبلیندا و ئەگەرنا بە دووربین و گۆشەپێوەر، بە پێنووس و پەرگارێک کە لە دەستیدان و جەوهەری سووریش، ڕێگای ڕۆیشتنی جێگری پاشا و هاوڕێیەکانی و "قەشە کۆمیس" لەسەر دڵی شار وێنە دەکات.

[1] ملوانە: کراوات، بۆینباخ.

جۆیس، بیست و دوو ساڵە بوو کە چوو بۆ دەرەوەی وڵات. ئەو، کاتێک کە ئولیسی دەنووسی، لە تریست، زۆریخ و پاریس دەژیا. تەواوی بەرهەمە بایەخدارەکانی لە دەرەوەی وڵات نووسی و بۆنی نامۆییش لە هەموویانەوە هەڵدەستێت. لە هەمووشیان زیاتر، ڕەنگە لە چیرۆکەکانی دووبلینیەکان کە یەکەمین کتێبی بوو بە نەسر. کاتێک جۆیس منداڵ بوو بە دووبلیندا خولابووەوە و هەرچیی دیتبوو و بیستبوو وەک هێلکەیەکی پاکنەکراوە لە بیرگەیدا مابووەوە. ئەو، بە شێوەیەکی هەستەوەریی دژوار و بەقووڵی، گرێدراوی باوکی" جان ئێستانیسلائۆس جۆیس" بوو کە منداڵەکانی تری لێی بێزار بوون. جان، لەژێر ناوی سیمۆن ددالۆس لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵ دەگێرێت. جان جۆیس، بەشی زۆری ژیانی لە مەیخانەکاندا بردبووە سەر. ئەو، کەسێکی چاونەترس و بەدەماغ بوو و گەلێک لە پەیڤەکانیشی لەناو ڕۆمانەکەدا پارێزراون و لە زمان سیمون ددالۆس و هاوپیاڵەکانیانەوە دەگێڕدرێنەوە. ئەو، زۆربەی مرۆڤەکانی دووبلینی دەناسی، لێهاتووی مەجلیسەکان، هەڕاجییەکان و ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن بوو. لە دووبلین ناسیدا مامۆستای کوڕەکەی بوو. جۆیس، هەر شتێک کە لە دەرەوەی وڵات، چەماوە بەسەر نەخشەی دووبلینی کتێبەکەیدا نەدەهاتەوە بیری، لە دەفتەرچەی ناوەکان، پارچە ڕۆژنامەکانی کۆن یان بە شێوەی نامەنووسین بۆ ئیرلەند وەدەستی دێنا. ئەو، نامە بۆ براکەی "ئێستانیسلائۆس" دەنووسێت هەتا بلیتی شەمەندەفەر، بەرگی پارەدانی ڕستورانت و ئافیشەکانی قەدیمیی لە دووبلینەوە بۆ بنێرێت. هەروەها نامە بۆ خاتوو جۆزفین مووری دەنێرێت و لێی دەپرسێت، ئاخۆ لەسەر دیواری کەنیسەی "ئەستێرەی دەریا" لاولاو ڕوواوە؟ لەوەش بێگومان وەڵامێکی بێخەوشی دەست دەکەوێتەوە کە لە ڕۆمانەکەیدا کەڵکی لێ وەردەگرێت.

*

بەو شێوەیە، ئایا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ چوارچێوەیەکی نەریتی لە گێڕانەوەدایە؟ ئایا ئولیس بە شێوەیەک ڕۆمانێکە سەبارەت بە دووبلین؟ گەلێکن ئەوانەی وەڵامی ئەرێنی بەو پرسیارانە دەدەنەوە. ئەوان سەفەر دەکەن بۆ دووبلین، لە دەستێکیاندا ئولیسە و لە دەستەکەی تریاندا نەخشەیەکەو لە شاردا پیاسە دەکەن. لە بەشێک لە خوێنەراندا، دووبلینی ڕۆمانەکە هەستەوەرییەکی دڵتەزێن دەخولقێنێت. ئەوان بە بۆنی سەنێری (تەرسی) ئەسپەکان سەرمەست دەبن و شێوەیەکی تر لە هەژاریی ئورووپایی، جیاواز لەوەی کە ئەمڕۆ هەیە وەبیریان دێتەوە. بۆ نموونە کاتێک لە وەرزی کایەی"ڕوویا"دا، کورتەباڵایەک دەبینن کە کیسەیەکی پڕی زبڵ و ئێسک بە کۆڵەوەو دەگوێزێتەوە، یان دەنگی ئامبولانسێک دەبیسن کە بە وێرغە تێ دەپەڕێت. بەو شێوەیە ئەوان لە کۆی بیرەوەریەکانیاندا بەسەر دەبەن. خوێنەرانێکی تر لە دووبلینی جۆیسدا شارێکی کەنفت دەبینن. ناوەندێک بۆ شارستانییەتێکی ئیفلیجکراو نیشانەیەک لە کۆمەڵگایەکی بورژوازی کە لە قۆناغی بەرەو داڕمانی ئەخلاقی و تێکشکاندایە. بۆ ئەو جۆرە خوێنەرانە، هەر وەک "ڕیچارد ئەم.کین" شیرۆڤەکەری بەرهەمەکانی جۆیس دەڵێت: دووبلین دۆزەخێکی مودێرنە کە لەوێدا هەر کەسێک بەدیار کەوێت گرفتاری هەستی تەنیایی و پووچی دەبێت. "هێنری میلێر"یش لەو ناوەدا، تۆقێنەرانە هاوار دەکات کە ئەو شارە، شاری مردووەکانە. "برنارد شاو" کە خۆشی لە ترسان، لە هەمان ساڵدا بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتبوو، کتێبەکەی وەک هەواڵێکی ڕاستەقینەی ترسناک لە ڕاستی زانی. ئەو هەژێنراوانە لە نامەیەکدا نووسیی: لە ئیرلەند بۆ

تەمێکردنی پشیلەیەک، دەمی دەخەنە پاشیەوە، جۆیسیش هەمان شت لەگەڵ بوونی مرۆڤ دەکات. ئەو، خەڵک ناچار دەکات چاو لە پیسی، تەمبەڵی و غەیبەتی ناجوامێرانە لەسەر شەقامەکان و ناو مەیخانەکانی دووبلین بکەن.

شیرۆڤەکەرانێک هەن کە بۆ نیشاندانی هاوشێوەیی یان نەبوونی هاوشێوەیی لەنێوان دووبلینی ڕاستی و دووبلینی ڕۆمانەکەدا ڕەنجێکی زۆریان کێشاوە. سپتر، ئەسپی جێگای سەرنج لە پێشبڕکەکانی ئاسکۆتدا، بەو شیوەیەی کە من باسم کرد لە ڕاستیدا بوونی هەبوو و غاری دا و دۆڕاندی. لە هەمان کاتدا ئێمە دەتوانین ناوی ئەو ئەسپە وەک ڕمزێک پێناسە بکەین بۆ توانایی جینسیی دڵدارەکەی مالی، بلیزیس بویلان کە لە درێژماوەدا ڕووی لە کەمبوونەوەیە. ئەگەر لە گەڕان بەدوای هۆکارێکی ناسکتردا بین، دەتوانین شکستی "سپتر" وەک ڕمزێک بۆ ئەو بێبەرییە بزانین کە تایبەتمەندی ئەو شارە لەکارکەوتووەیە یان ڕەنگە بۆ مالی کە داوێنی لە یازدە ساڵ لەمەو پێشەوە بەرهەمێکی بەخۆیەوە نەدیوە. هەر دیمەنێکی کتێبەکە، ناوی هەر شەقامێک یان کەسێک لەژێر دیدی وردبینانەی توێژەرەواندا ئەزموون کراوە و هەڵسەنگێندراوە و بایەخی نیشانەیان مۆری خواردووە. بەڵام لێرەش هەر وەک هاوڕێکییەکانی هومێری دەشێت پارێزییەکی زۆر بکەین. نامهەوێ نکۆڵی بکەم کە زۆر شت لە ئولیسدا هەیە کە دەتوانرێت و دەبێت خوێندنەوەیەکی سیمبۆلیکیان بۆ بکەین، بەڵام ڕوخساری سیمبۆل گەلێک جار لە ناوەڕۆکی گرنگترە. ئەگەر ناچار بە هەڵبژاردن بین لە ڕوانگەی منەوە هەڤیازی[2]ی هەیە کە سەبارەت بە ئولیس بگوترێت کە ئەو بەرهەمە بێوەرییە لە سیمبۆل نەک بەرهەمێکی سیمبۆلیکە. ئەو سەردەمە "فرانک بادگەن" ئەو کەسی کە دەیگوت جۆیس وەک سۆکانداریکە کە ڕێرەوی خۆی هەڵدەبژێرێت، شتێکی تری بینی! ئەوەی کە ئولیس هیچ وەسفێک لە شارەکە ناکات. شەقامەکان بە نێوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە لەوێ بوونیان هەیە، هەروەها هیندێک لە کەسگەل بەڵام ڕستەیەک لە وەسفی شەقامەکاندا، شوێنک یان گۆڕەپانێک نانووسرێت. مرۆڤەکانی ڕۆمانەکە وەها لە دووبلیندا ڕێ دەکەن کە ماسییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئاودا. لە هەر شوێنێک بن بۆیان ئاساییە.

ساحیرە گەورەکان بە ئەفسوونێکی تایبەتەوە لەسەر ئاساییەکان کار دەکەن، جۆیسیش بە هەمان شێوە. زەینی ئێمە ئامانجی تیری ناوەکانە بەڵام وردەکارییەکان لە ڕۆمانەکەدا بەسەرنجەوە لە شوێنی خۆیان دانراون. ئەوان هەرگیز لە خزمەت دووبلیندا نین. هیچ شتێک تەنها لەبەر دووبلین لە ڕۆمانەکەدا جێ ناگرێت. بوونی دووبلین لەبەر جۆیسە نەک بەپێچەوانەوە. جۆیس، بەردەکانی بینای کتێبەکەی بە تەقەلایەکی باوەڕپێنەکراو لە هەموو لایەکەوە خڕ کردوونەوە، بەڵام دروستکردن و بیناکردنی کتێبەکەی بەتەواوی کاری خۆیەتی. ئەو، هەر وەک گەلێک لە هونەرمەندانی تر ڕێز بۆ ڕاستی دادەنێت و لێی دوور ناکەوێتەوە. بە وتەی ژیاننامەنووسی هێژا "ڕیچارد ئەلان"، ئەو چاو بەدوای وەها ساتێکدا دەگێڕێت کە دەلێی زاتی شتێک تریفە دەهاوێژێت. جۆیس لە یەکەمین پارچەکانی نەسردا کە هی سەردەمی گەنجییەتی و بە "دیاردەکان" بەناوبانگن دەنووسێت: ئەوان، لەبەر ئەوەی کە هیچ شتێک ناڵێن بایەخیان هەیە. ئەو پارچانە بە وردەکارییەکی وەها وێنەکان وەسف دەکەن کە شیرۆڤەکانی نووسەر وەک دەستدرێژی بۆ سەر وێنەکان دێنە بەر چاو. نووسەر خۆی و کەرەستەکەی دەداتە خوێنەر و لە هاودڵیکرن دەڕوێت.

---

[2] هەڤیازی: سەرتری، (ارجحیت).

*

یەکێک لە زمانەکانی ئولیس ئەوەیە کە ئەبەدەن شتێک نەلێت بەڵام بوونی هەبێت. یەکێک لە هزرەکانی بنەڕەتیشی هەڵگری ئەو دیدەیە بۆ مرۆڤ: ئەوەی کە مرۆڤێک بوونی هەبێت گرنگترە لەوەی کە چ دەکا و چۆن بیر دەکاتەوە و نووسەر دەربارەی چۆن دەهزرێت. جۆیس کەسایەتییەکانی پێشکەشی ئێمە دەکات، لێ دەگەڕێت بجووڵێن و بئاخوێن، بۆچوونی خۆی نابێژێت. ئەگەر لێی بپرسی ڕوانگەت سەبارەت بە ئەوان چییە وا پێشان دەدا کە خەریکی سافکردنی نینۆکەکانیەتی. هەموو مرۆڤەکانی کتێبەکەی دەتوانن وەک کەسی زیندوو بۆ هەموو شتێک بەڵگەی کارخاسی نیشان بدەن. هیچ کەسێک وەها خراپ نییە کە کەسێک پەیدا نەبێت و ئەو بە باش بزانێت. هیچ کەسێکیش بەو ڕادەیە باش نییە کە کەسێک بە خراپ ناوی نەبات. لە ڕوانگەی بادگەنەوە، ئەگەر بمانهەوێت تەنها نموونەیەک بێنینەوە، "دیزی" بەرپرسی قوتابخانە و سەرۆکی ستفن ددالۆس لە قوتابخانەی "داڵکی" ، پیرەپیاوێکی هەڵسووڕاو بوو کە لای وا بوو جۆیس لەسەریەک بۆ بەساڵداچوان ڕێز دادەنێت. یەکێک لە داوەرەکانی تر، "ڕۆبێرت مارتین ئادامز"ی ئەمریکایی، وێڕای شیرۆڤەی خۆی لەو بارەوە گەلێک هۆ بۆ ڕوانگەی خۆی دێنێتەوە کە دیزی، پیرەپیاوێکە لە دۆخێکی هەڵوەشاوی دەروونی و ڕوخسارێکە نەفرەتلێکراو.

ساکاری گرنگترین توخمی ژیانمانە. ئەگەر نووسەر لە تەقەلای ڕاستیدایە دەبێت ئێمە داوەتی وەهمی ساکارییەکان بکات. نموونەیەکی کورت دەهێنمەوە. دوو کەس لە کەسایەتییەکانی لاوەکیی ڕۆمانەکە، "مارتین کانینگهام" و "میستر پاور" لە بەشی دەهەمی ڕۆمانەکەدا لە یەکێک لە شەقامەکانی دووبلیندا پیاسە دەکەن. کانینگهام دەڵێت، ئەو بۆ باوکی پیرۆز، "کۆمی"، قەشەیەکی بەناوبانگی کاتۆلیک- کە لە دووبلینی ڕاستیدا بە هەمان نێو دەژیا و ڕۆڵێکی نە گەلێک پڕبایەخی لە ژیانی جۆیسدا هەبوو- نامەی نووسیوە و داوای لێ کردووە کە بۆ کوڕێکی تازەباوکمردووی خەڵکی دووبلین، شوێنێک لە قوتابخانەی کاتۆلیکەکان بدۆزێتەوە. ئێمە لێرە دەزانین کە "کۆمی" باوکی پیرۆز، بە خۆشییەوە ئەرکی وەها کارێک لە ئەستۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی کە مارتین کانیگهام یەکێک لە ئەندامانی کارای کەنیسەیە و لە ڕوانگەی باوکی پیرۆزەوە ئەنجامی خزمەتێک بە ئەو دەبێتە هۆی قازانجێک. "میستر پاور" لە بەرامبەر وتەی ئەودا پێشنیارێکی هەیە. ئەو دەڵێت، "دەتوانی بۆ لای هاوڕێیەکان بچی".
مارتین کانیگهام بەکورتی وەڵام دەداتەوە: "بوید؟ زۆر سوپاس."

ئەو ڕستانە بەتەنیا ماونەتەوە. لە ڕۆمانەکەدا بە هیچ شێوەیەک زانیارییەک سەبارەت بە ناوی "بوید" بوونی نییە هەتا تیشک بخاتە سەر شتێک. لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمریکایی، هەمان ڕۆبێرت مارتین ئادامز کە پێشتر ناومان هێنا، کتێبێکی سەبارەت بە ڕوخسار و ڕەمز لە ئولیسدا نووسیوە. ئەو، ئەو ناوەی دۆزیوەتەوە. بوید خەڵکی دووبلین بوو و هەر لە ساڵی ١٩٠٤دا پۆستی سکرتێری گشتیی پیاوانی گەنجی مەسیحی "کەفۆم"ی پێ سپێردرابوو. سروشتیە کە سەبارەت بە منداڵێکی هەتیوی هەژار دەبێت بچنە لای ئەو. ئەوەش سروشتییە کە مارتین کانیگهام کە کاتۆلیکێکی خاس بوو بەتوندی ئەو پێشنیارە ڕەد بکاتەوە چونکە ڕێخراوەکەی سەر بە پروتستانتەکانە. دۆزینەوەی ئادامز، پێمان نیشان دەدات کە جۆیس چۆن کارەکەی، تەنانەت بچووکترین وردەکارییەکانی

لەسەر ناسینی ڕاستی بینا دەکات. دەتوانین بڵێین کە ئولیس بەتەواوی لەسەر بنەمای سەردەمی گەنجی جۆیس پێک هاتووە. شانۆگەلێک بەبێ ناوەڕۆکی سیمبۆلی تایبەت بەڵام درەوشاوە لەبەر هێزێکی دەروونی کە نیزیکە لە ئەزموونی ئەفسانەیی. ئێمە ئازادین لە شیرۆڤەکردنی ڕەمزەکانی ئەوان، بەڵام ئەوەی کە گرنگە خودی ئەزموونە، بایەخداربوون بە شێوەیەک کە هیچ شتێکی گرنگ نەگوترێت. خوێنەر دەتوانێت ڕۆمانی جۆیس وەک دوورگەیەک کە هی دزانی دەریاییە ببینێت. لە هەر شوێنێک پێمەڕەکەی لە زەوی ڕۆکات خەزێنەیەکی شاراوە دەبینێتەوە. خاوەنی ئەو خەزێنەش، هەر وەک لە بەشی پێشتردا گوتم، جۆیس بۆخۆیەتی کە بەشێکی زۆری کاتەکەی بە وێناکردنی نەخشەکەوە بەخشی، هەم نەخشەیی ڕاستی هەمیش هی ساختەیی. یەکێک لە ساختەییەکانی ئەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد. ئەو وتەیە کە جۆیس ویستوویەتی وێنەیەکی وەها وەفادارانە لە دووبلین پێشکەش بکات کە بتوانرێت بۆ دووبارە بیناکردنی دووبلین کەڵکی لێ وەرگرێت.

*

بۆ کەسێک کە بیهەوێت لەگەڵ شێوەی کاری جۆیس ئاشنا بێت ئەو زانیارییەی ئادامز بەکەڵکە بەڵام بۆ خوێنەری ڕۆمانەکە ناوی "بوید" لە دەفتەری ئادرەسەکانی دووبلیندا بێبایەخە. ئەوەی کە جێگای سەرنجە نە خودی ناوەکە بەڵکوو ئەوەیە کە ناوێک دەهێنرێت. وتوووێژی ئەو دوو پیاوە، تەواو بەو شێوەیە ڕاستە کە بۆ ئەو ناوە شیرۆڤە ناکرێت.
پێگەی شاری دووبلین لە ئولیسدا ئەوەیە کە شوێنێکی ئاسایی بۆ مرۆڤەکان بێت، بەو واتایە کە نابێت بێتە بەرچاو. شوێن و هەزاران وردەکاریی تر لە خزمەت پەیوەندیی ڕۆمانەکە بە دووبلینەوە نین بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆ ڕەهابوون لە شارەکەن. ڕاگەیاندنی پەتاوپەتی کات - ١٦ی ژووئەنی ١٩٠٤ - نە بۆ پەیوەندیی کتێبەکەیە بە زەمانەوە بەڵکوو لە خزمەت ڕەهاکردنیەتی لە زەمان. تەنها لە ڕێگای شوێنی چوارچێوەدارەوەیە کە دەتوانرێت بە جیهان بگەین. ئەوەی کە لە هەر ساتێکی مرۆڤدا هاوبەشە، ئەوەیە کە زەمانێک بوونی هەیە و شوێنێک بە هەمان شێوە. وە هەم زەمان و هەمیش شوێن بۆ ئێمە ئاساییین. گرنگترین شتی ئەو ڕۆژە کە تۆ، خوێنەری من، سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو ڕستانەی، مێژووی ڕۆژ یان وڵاتێک کە تیایدا ژیان دەکەی نییە بەڵکوو ئەوەیە کە ئەمڕۆ وەکوو هەموو ڕۆژەکانی تر مێژوویەکی هەیە و بۆ هەمووی ئێمەش شوێنێک هەیە کە تێیدا بژین.

چ ئەوانەی کە پێیان وایە کە لە ڕۆمانەکەدا دووبلینی مێژوویی لە بەرامبەر خۆیاندا دەبیننەوە هەڵە دەکەن چ ئەوانەی کە لە ڕۆمانەکەدا دەیانبینن پێیان وابێت  کە خزمیانن هەڵە دەکەن. وە یان بە وێنەی "شاو" و "هێنری میلێر" بووبنە دڵداری پەسەندکراوی ئەوان. مەبەست لە دووبلینی ڕۆمانەکەی جۆیس ئەوەیە کە ئێمە ئەو نەبینین. ئاساییبوونی شوێنی ژیان بەشێکە لە دۆخی مرۆڤ لەسەر زەوی. سەرەتا کە ئیتر دووبلین نابینین تێ دەگەین کە لە شاری خۆمانین.

جۆیس سەردەمێک وتی: شتێک کە بۆ ڕۆژنامەنووسەکان نائاساییە بۆ نووسەران ئاساییە. ئەگەر شارێک لە ئولیسدا بوونی هەبێت، ئەو شارە هەموو شارەکانە. ڕۆمانەکە لە وەها نوورێکدا دەخلیسکێت کە زادەی جۆششێکی نائاساییە بۆ ڕاستی. جۆیس لەبەر ئەوەیە کە وەها

سەرسەختانە لە تەواوی سەردەمی نووسەریدا، تەنها خۆی بە یەک شانۆوە خەریک دەکات هەتا بتوانێت بنەمای ئاساییی دراماکانی بئافرێنێت. ئەو شارە نادیارە کە هیچ کەس ناتوانێت لێی بەگومان بێت و ناوی نەناسراوی بوید کە ئێمە دەرفەتی پرسیارکردن دەربارەی پەیدا ناکەین بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە شێوازێکی ئاسایی دەبەخشن.

دووبلینی ئولیس لە ڕاستیدا شاری مردووەکانە بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت نەک وەک میلێر بۆی دەچوو. دەروازەی مەڵبەندی مردووەکانیش هەموو ڕۆژێک کراوەیە. مردووەکان ترسێک بڵاو ناکەنەوە، لەبەر ئەوەی، ئەوە پەیڤەکان و کردارەکانی ئەوانن کە زیندووەکان دووپاتی دەکەنەوە. بەو شێوەیەش لە پەیوەندێکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ ڕابردووەکان. مردن لێرە نووکی تیژی لە هاوبەشییەک کە هەموو نەوەکان دەگرێتەوە لەدەست دەدات. لەپشت ئەو دووبلینەی کە گرفتاری زەمەن و شوێنە، جۆیس شارێکی نەمری ئافراندووە، بەڵام لێرە چەمکی نەمر وەکوو شێوەیەک لە هزری شار بەکار نەهاتووە، شارێکی خەیاڵی لەسەر هەورەکان, بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕاستیترینی شارەکان. جۆیس خۆی بە ئورووپایی دەزانی و ئیرلەندی لەبەر ئەوە بەجێی هێشت چونکە دەیهەویست لە دڵی ئەرووپا نیزیکتر بێتەوە. لەوێ، لە ڕۆمانەکەیدا دووبلینێکی ئافراند کە بە شارەکانی یۆنانەوە گرێدراوە. ئەو شارانەی کە ئولیسی هومێر دیتبوونی و فلورانسی دانتە و پاریسی سەدەی حەڤدەی دەگرتە ناو خۆی. تەواوی ئەو شارانەی کە مرۆڤەکان لە ناویاندا- لە پەنا یەک- ژیاون و دەژین، بێناونیشان و بێیاوەر بەڵام هەست بە هاوپەیوەندییەکی گشتی لە دەربیجەی تەنیاییەوە دەکەن.

[3] سەرچاوە: کتێبی "تەنها بوونت هەبێت". خوێندنەوەیەک بۆ ئولیسی جیمز جۆیس، لە نووسینی نووسەری سوێدی، ئولۆف لاگرکرانس.
Olof Lagercrantz, Att finnas till- En studie i James Joyces roman odysseus